# <u>کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان</u>

## کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەرێپێوانی مامۆستایاندا بەشداری کرد و رێپێوانەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا

رۆژی2005/04/10 کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەریپیوانی مامۆستایانی شار و شاروچکەکانی سلیمانی بەشداری چالاکانەی کرد و ژمارەیەکی زۆر لە بەیاننامەی پشتیوانی کۆنگرە لەناو ریپیوانەکەدا بلاوکرایەوە و دواتر قسەوباس لەگەل نوینەرەکانیاندا کرا و بەیاننامەی پشتیوانی کۆنگرە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ بەشداربوانی ریپیوانەکە خویندرایەوە و بەچەپڵە ڕیزانیکی گەرم پیشوازی لێکرا . شایەنی باسە ریپیوانەکە سەرکەوتوبوو لەبەدیهینانی چەند داواکاریەکدا و دەستەی نوینەرایەتی مامۆستایانی سلیمانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرەسمی مامەلەی لەگەلدا کرا و بریارە ئەم دەستەیە بەشوین جیبەجیکردنی خالەکاندا بچیت . کۆنگرەی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بەردەوامە لە پشتگیری کردنی ئەم دەستەی نوینەرایەتیە و جولانەوەی مامۆستایان بۆ داوارەواکانیان و ریکخستنی ریزەکانیان. ئەمەش دەقی بەیاننامەی پشتیوانی کۆنگرەیە لە ریپیوانی مامۆستایان.

2005/04/11

## پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایانی سلێمانی دەکەین

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو مافەکانی سەرجەم خەڵکی کوردستاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا تێدەکۆشێ کە لەسەر بناغەی دابینکردنی ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیان کاربکا. هەربۆیە ریپیوان و نارەزایەتیەکانی مامۆستایانی سلێمانی لەدژی گەندەڵی لە کاروباری خوێندن و پەروەردە بەبەشێك لە حەرەکەتی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان دەزانێ بۆ باشتڕکردنی مافی مامۆستایان و خوێندن و پەروەردەی زانستی لە کوردستاندا و هەربۆیە پشتیوانی توند لەو جوڵانەوەیەی مامۆستایانی سلێمانی دەکا و هەوڵی جدی دەدات لەپێناو سەرکەوتنیدا.

ئێمە داوای مامۆستایانی شاری سلێمانی وشارۆچکەکانی بۆ گۆڕینی سیستەمی خویندن و پرۆگرامەکانی بۆ پرۆگرامی زانستی و پیشکەوتوانە و باشکردنی موچە و دابینکردنی خانوو و لابقلادنی گەندەڵی ئیداری لە وەزارەتی پەروەردەدا بەڕەوا دەزانین و پێویستە ئەم داوایانە لەلایەن ئەم ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەفەوری جێبەجێبکرێت.

ئەم ریپیوانە وەڵامە بەو هەڕەشانەی بەناوی مامۆستایانەوە یەکیتی مامۆستایان دەیکات و چونەتە پاڵ دەسەلاتداران و دژ بە مامۆستایان وەستاون ، ئەوان بەم کارەیان دژایەتی خۆیان بەرامبەر مافی رەوای مامۆستایان نیشانداوە و ناتوانن نوینەرایەتی مامۆستایان بکەن. ئەمڕۆ ئەم ریپیوانە و نوینەرانی ئەم ریپیوانە نوینەرایەتی مافی ڕەوای مامۆستایان دەکەن و پیویستە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان و رای گشتی پشتیوانی ئەم خواستانەی مامۆستایان بکەن و ڕێگە نەدەن هیچ چەواشەکاریەك کە بەرامبەر بەم ریپیوان و داواکاریانە دەکرێت لەو پشتیوانیە دەربڕینە ساردیان بکاتەوە.

**asokamal@yahoo.com, zmnaco@yahoo.co.uk,**
**[www.kurdistanreferendum.net](http://www.kurdistanreferendum.net)**
**Tel :07701445961,07701549800**

# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

هەروەك تەجروبەی ئەم چەند مانگە نیشانیداوە وەعدەو بەڵێنەکانی کاربەدەستانی حکومەت و حزبی دەسەڵاتدار بۆ دەستخەڕۆکردنی مامۆستایانە و ڕێگەگرتنە لە جێبەجێبونی خواستەکانی مامۆستایان و هاتنە مەیدانی سەربەخۆیان.هەربۆیە سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتی و ریپوانەی مامۆستایان هەروەك مانگرتنی خویندکاران نیشانی دا لە پشت بەستن بە هێزی یەکگرتوی خۆیان و بریاری بەکۆمەڵی مامۆستایان و کارکردنی دەستەی نوێنەرایەتی ئێستای ریپوانەکەیە بۆ بەڕەسمی ناسرانی خۆی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ بەدوداچوون و جێبەجیکردنی داواکاریەکانی مامۆستایان. ئەم دەستەی نوێنەرایەتیە پێویستە بڕیارەکانی لەسەر ریپیوان و داواکاریەکان بەپێی جێبەجێبونی ڕەسمی و نوسراوی دەزگابەرپرسەکان بێت نەك بەقسەی سەرزارەکی و وەعد و بەڵێنێ کە تا ئێستا بۆ چاوەروان هێشتنەوە و دەستخەڕۆکردن بوە و ئامادەیی و گەرم و گوڕی ئەم خەباتەی مامۆستایانی لاوازکردوە. کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئەم داوا و خەباتەی مامۆستایانی کوردستان شان بەشانی دەستەی نوێنەرایەتی مامۆستایانی سلێمانی تێدەکۆشێ و لەپێناو ڕاکێشانی پشتیوانی رای گشتی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە نیونەتەوەیەییەکان لەم جوڵانەوەیەی مامۆستایان تێدەکۆشێت.

2005/04/10

**asokamal@yahoo.com, zmnaco@yahoo.co.uk,**
**www.kurdistanreferendum.net**
**Tel :07701445961,07701549800**